م. شترۆهمایەر

ل. یالچین هێکمان

# کورد
# لەسوریاو ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان

وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە:

ڕێبوار تۆفیق بەنگینە

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

کورد لەسوریاو ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان

م. شترۆهمایەر و ل. یالچین هێکمان

وەرگێڕانی: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ٢٢٩٩) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٢٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٢)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیار**

ڕەنج جەعفەر

کورد لە میدیای جیهانیدا

# بەرایی

ئەم نامیلکەیە بەشێکە لەکتێبی کورد، مێژوو- کەلتور- سیاسەت، هەردوو لێکۆڵیاری ئەڵمانی م.شترۆهمایەر (m.strohmaeier)و ل.یالچین هێکمان (L.yalcin-heckmann) نووسیویانە، لەساڵی ٢٠١٠ لە ئەڵمانیا چاپکراوە.

ئەم بەشە تایبەتە بەرەوشی سیاسیو کەلتوری کورد لە سوریاو ئەرمەنستانو ئازەربایجان، لێرەدا بەوردی باس لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کراوە لەسوریاو سەرەتای دەرکەوتنی کاری رێخراوەیی



رووندەکاتەوە، هەروەها رەوشی کوردی رۆژئاوا لەنێوان بەرداشی تورکیاو سوریا باس دەکاتو هەڵوێستی دوو فاقییانەی (P.K.K)ش دەخاتە روو لەمامەڵەی لەبەرامبەر دۆزی کوردو پەیوەندیان لەگەڵ رژێمی بەعسی سوریا، هەروەها چۆتەسەر هەڵوێستی کورد لەپرۆسەی سیاسی سوریاو سیاسەتی ئەو وڵاتە لەبەرامبەر پرسو ناسنامەی کورد.

لایەنێکیتر لەم نامیلکەیە دەربارەی کوردە لە ئەرمەنستانو ئازەربایجان، رەچەیەکی مێژوویی بوونی کورد لەم ناوچەیە باسکراوە، دواتر دێتە سەر ئەو ململانێیەی کە لەنێوان ئەرمەنستانو ئازەربایجاندا هەبووە، لەگەڵ ئەوەی کورد لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆمەڵێك مافی کەلتووری بەدەست هێناوە، بەڵام دوای هاتنی سەردەمی ستالین، ئەو مافانە بەرتەسك بوونەوە، لەو ململانێیانەدا کوردە موسڵمانەکان بەلای ئازەربایجاندا شکاونەتەوە، ئێزیدییەکانیش بەلای

ئەرمەنکاندا کەوتون، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ناسنامەی کوردو نائارامی رەوشە سیاسیو کلتورییەکەیو مافە مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکانی.

رەنج جەعفەر

# کوردەکان
# لەسوریاو لوبنان

**باری نائاسایی و رەگەزپەرستی و P.K.K**

کوردەکان خاوەن تواناو دەسەڵاتێکی زۆر بوون لەوڵاتی شامدا، هەروەها لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکانیشدا بەهەمان شێوە خاوەن پێگەو دەسەڵاتی خۆیان بوون، ئەو سەردەمە زۆرینەی خێزانە کوردەکان بەشداربوون لەحکومەتدا، دەیانتوانی بڕیاری چارەنوسسازانە بدەن.

زۆربەی کوردەکان لەجەزیرە (باکووری خۆرئاوا- میزۆپۆتامیاو باکووری رۆژهەڵات- سوریا) لەناوچەی حەسەکە دەژیان، لەم ناوچەیەدا بەرێژەیەکی بەرچاو



گەنمو دانەوێڵە هەبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆری کوردەکان لەناوچەی عامودەو قامیشلی نیشتەجێ ببون.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە کوردەکان لەناوچەی جەزیرەدا بوونیان دەرکەوتووە، بەڵام لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریاداو لەناوچە سنووریەکانی تورکیادا، کوردەکان سەدان ساڵە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن، بەهەمان شێوە ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەدیمەشق نیشتەجێ ببون کە ژمارەیان نزیکەی دەگەیشتە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار کەس، نیشتەجێبوونی کوردەکان بەو ڕێژە زۆرە لە(حەڵەب)یش دەبینرا کە دووەمین شاری گەورەیە لەسوریا.

ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لەسوریا لەنێوان ١،٢ بۆ ١،٥ ملیۆن مەزەندە دەکرێت، نزیکەی (٨-١٠ ٪)ی دانیشتوانی سوریا پێکدەهێنن، زۆربەیان سوننە

مەزهەبن، چەند هەزارکەسێکیان ئێزدین کە لەچیاکانی شەنگال لەناوچە سنووریەکانی عێراق-سوریاو باکووری رۆژهەڵاتی سوریا نیشتەجێن.

کوردەکانی سوریا بەشێوەزاری کرمانجی ئاخافتن دەکەنو ژمارەی ئەوانەی بەو شێوەزارە دەدوێن نەزانراوە، هیچ جۆرە دەزگایەکی خوێندنی فەرمی تایبەت بەو شێوەزارە لەئارادا نییە. هەموو خەڵك فێری زمانی عەرەبی دەبن، واچاوەڕوان دەکرێت کە گەنجانو لاوانی کورد زیاتر بەزمانی عەرەبی ئاخافتن بکەن.

لەساڵی ١٩١٦دا لەنێوان بەریتانیاو فەڕەنساو رووسیا، رێکەوتننامەیەکی نهێنی داخراو (سایکس بیکۆ) مۆرکرا، سوریا کەوتە ژێر رکێفی فەڕەنساوە، لەکۆبوونەوەی (سان ریمۆ)دا فەلەستینو ناوچەکانی ئەردەنیش کەوتنە ژێر ئینتیدابی بەریتانیاوە. لەمانگی (یولیو)ی ساڵی (١٩٢٠)دا سەربازەکانی فەڕەنسا



هاتنەناو دیمەشقەوە، هەریەکە لەسوریاو لوبنان کەوتنە ژێر ئینتیدابی فەڕەنساوە، فەڕەنسیەکان لەسوریا مانەوە هەتا ساڵی ١٩٤١-١٩٤٣و بانگەوازی سیستمی کۆماری لەسوریا، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی چالاکی عەرەبەکان فەڕەنسا پێگەی کوردەکانی بەهێزتر دەکرد. لەساڵی (١٩٢٥)دا جەنگاوەرە کوردەکانی بەکارهێنا لەدژی راپەڕینی عەرەب لەسوریا، هەر لەسەرەتاوە فەڕەنسا دەستیکرد بەیارمەتیدانی کوردەکانو کاری لەسەر پتەوکردنی پێگەی کەمینەی کوردەکان دەکرد لەو وڵاتەداو کاری بۆ پاراستنی رێکخراوی نەتەوەیی (خۆیبوون) دەکرد، ئەمەش عەرەبەکانی تووشی دڵەڕاوکێو بێمتمانەیی کردبوو، لەساڵی ١٩٢٨ بەولاوە فەڕەنسا یارمەتی کوردەکانی نەدا، ئەمەش بەهۆی نارەزایی تورکیا بەرامبەر بەو سیاسەتەی فەڕەنسا، لەساڵی (١٩٢٨)ەوە کوردەکان داوای دانپێدانانی فەرمییان دەکرد لەفەرمانگەو هەموو

ناوچە کوردنشینەکاندا، بەڵام ئەمە خواستی هەموو کوردەکان نەبوو، زۆرینەی سیاسەتمەداری ناو پارتەکان ئەوەندەی لەبەرژەوەندی سەربەخۆیی سوریا کاریان دەکرد، ئەوەندە لەبەرژەوەندی کوردو کاروبارەکانی کورد کاریان نەدەکرد، هەندێ لەسەرکردە نەتەوەییەکان بەشداربون لەبەرهەمهێنانی سەربەخۆیی سوریاو بەرژەوەندییەکانی کوردیان پەڕاوێز خستبوو.

لەساڵی (١٩٤٦)دا سوریا سەربەخۆیی بەدەستهێنا، هەر لەسەرەتاوە، دەستکرا بەتەعریبو دەستبەسەرداگرتنی گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکانو دەرکردنی گەورە ئەفسەرانی کورد لەڕیزەکانی سووپادا، لەگەڵ ئەمەشدا، لەناوەڕاستی پەنجاکاندا ڕێژەیەکی بەرچاوی کوردەکان بەدی دەکرا لەڕیزی سووپادا، ئیدی زیاتر دیاردەی عروبە چییەتی بەهێزتر بوو. ماوەی



چوارساڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (یەکێتی سوریاو میسر) درێژەی کێشا.

بەماوەیەکی کەم پێش ئەوە (١٩٥٧) پارتی دیموکراتی کوردستان لەسوریا دروست بوو، داواکاریەکانی ئەم پارتە بریتی بوو لەچەند مافێکی سەرەتایی، سەبارەت بەدانپێدانان بەمافە کلتوورییەکانی نەتەوەی کورد، بۆ نموونە: فێربوون لەخوێندگاکان بەزمانی دایكو دامەزراندنی کوردەکان لەڕیزەکانی سووپاو دەزگای ئاسایشو فەرمانگەکانیتری وڵاتدا. ساڵی ١٩٦٠ سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا دەستگیرکرا کە ناوی "نورالدین زازا"[1] بوو، دواتر وڵاتی بەجێهێشت، پاشان پارتی ناوبراو بوو بەدوو باڵەوە، باڵی یەکەم (ڕادیکاڵەکان) بڕوایان بەچارەسەری بنەڕەتی هەبوو، باڵی دووەم میانڕەو بوو کە داوای ماف زیاتریان بۆ کورد دەکرد لەچوارچێوەی سوریادا، ئەمڕۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر پارتی بچوكو بچوکترو گرووپی

سیاسی لەسوریادا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی سوریا بۆ ئەوەی ئەو پارتو گرووپانە نەتوانن یەك بگرنەوەو ببنە قەبارەیەکی گەورەو یەك پارچەو دژی خۆی بوەستنەوە، کوردەکانیش خۆیان یەك بۆچونیان نییەو کێشەو ناکۆکی هەیە لەنێوانیاندا، ڕێکخراوە کوردییەکان نایانەوێت لەڕێگای توندوتیژییەوە باروگوزەرانی خۆیان چاك بکەن، کوردەکان دەیانەوێت لەدەوڵەتی سوریادا یەکسانیو دادپەروەری هەبێتو داوای سەربەخۆییو جیابوونەوە ناکەن لەسوریا، ڕژێمی سوریا کاردانەوەی توندی نییە لەسەر گروپە کوردییەکان، ئەمەش مانای ڕەزامەندی نواندن نییە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە، کوردەکان خاوەنی سێ نوێنەر بوون لەپارلەمانی سوریادا، بەڵام دوای شکستی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، سوریا ناوێکی تازەی گرتە خۆی، لەسالی ١٩٦٣وە، حزبی بەعس هاتو دەسەڵاتی گرتەدەستو نزیکەی ٥٠٪ی کورسیەکانی



پارلەمانی بەدەستەوە گرت، هەروەکو عێراق، بەهەمان شێوە لەسوریاش حزبە کۆمۆنیستەکان زیاتر کوردەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو، هەروەها زۆربەی کوردەکان مەیلیان زیاتر بەلای پارتە کۆمۆنیستەکاندا بوو، لەبەر ئەوەی لایەنی کەم حزبەکۆمۆنیستەکان ڕەهایانە تەنها بۆ عەرەب نەبوون، وەك حزبی بەعس، ساڵی ١٩٩٥ شیوعیەکان توانیان ٨ نوێنەر بەدەست بێنن لەو ڕژێمەدا. لێرەدا گرفتی گەورەئەوەبوو، کەمینە کوردەکان لەناوچەی جەزیرەدا[٣] دەمان گەڕێنێتەوە بۆ کوردبوونی کۆچەریەکانی ئەو ناوچانەی کە لەچاخە کۆنەکانەوە لەو ناوچانەدا ژیانیان بەسەر بردووە، هەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەتایبەتی دوای سیاسەتی پاکتاوکردن لەلایەن کۆماری تورکیاوە کێبڕکێ بوو لەنێوان ئەوانەی تازە دەهێنرانە ئەو ناوچانە، نەك هەر لەگەڵ عەرەبە ڕەسەنەکان، تەنانەت لەگەڵ کوردنشینەکانیشدا[٤]، ئەم کێشانە کۆماری تورکیا

دروستی کردبوو. ئەوکوردانەی تازە بەرەو جەزیرە دەهاتن، شوێنی عەرەبەکانو کوردەکانی ئەو ناوچانەیان دەگرتەوە کەپێشتر لەناوچەی جەزیرەدا ژیاون، کەمی سەرچاوەی ئاو لەم ناوچەیەدا کێشەیەکی گەورەی دروستکرد بوو، لەناوەڕاستی سیەکاندا (١٩٣٥) لەو ناوچەیەدا نزیکەی (٤٢٠٠٠) هەزار عەرەب دەژیان کەزۆربەیان سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕومالآت بوونو نزیکەی (٨٢٠٠٠) هەزار کورد لەهەمان ناوچەدا دەژیان کەزۆربەیان بەکشتوکاڵەوە خەریك بوونو نزیکەی (٣٢٠٠٠) هەزار عەرەبی مەسیحیش لەوێ بوونیان هەبوو کەبەکاری بازرگانیو پیشەی دەستییەوە خەریك بوون، ئەم ناوچەیە پڕبوو لە کەمە نەتەوەی جیاواز، ناسیۆنالیستە عەرەبە سورییەکان دەیانویست دەوڵەتێکی گەورە بەجەزیرەشەوە دامەزرێنن، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان ببوە ترسێکی



گەورە لەلای سەرۆکەکانی سوریا، لەو روانگەیەوە کە دواتر ئەوان داوای سەربەخۆیی دەکەن.

لەسەرژمێرییەکەی پارێزگای حەسەکەوە، سورییەکان ووتیان بەشێکی زۆری کوردەکان بەشێوەیەکی نایاسایی لێرە نێشتەجێن، بەواتا ئەوانەی لە دوای دامەزراندنی کۆماری سوریاوە لەعێراقو تورکیاوە هاتوون نایاساییین، نزیکەی (١٢٠٠٠٠) کورد بێبەش کران لەڕەگەزنامەی سووری.

لەهەڵمەتێکی گەورەدا زانیاری ئەوەیان دەدا بەخەڵکی ئەو ناوچەیە، ئەویش ئەوەبوو کە دەیانووت هەموو ئەو کوردانەی کە لەجەزیرەن مەترسییان هەیە بۆ سەر ئاسایشی سوریا. سەرکردەی ئاسایشی ئەو ناوچەیە لەو کاتەدا رەگەزپەرستانە لێدوانی دەداو نوسینی بڵاودەکردەوە، ئاماژەی بەوە دەدا کە هەرکاتێك کوردەکان بەهێزبن مەترسین بۆ سەر نەتەوەی عەرەب، هەر لەم روانگەیەوە پرۆگرامێکی

داڕشتبوو بۆ بەگژداچونەوەی ئەو مەترسیە بۆ سەر نەتەوەی عەرەب، لەخاڵە سەرەکیەکانی کە لەپرۆگرامەکانیدا هاتبوو، هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی کوردەکان چیتر لەو ناوچانەدا نەژینو بەشێوەیەکی سەرەکی هەلی کار بۆ عەرەبەکان بێتو عەرەبەکان نایاب سەیر بکرێن لەبەرامبەر کوردەکاندا.

دوای ئەوە راستەوخۆ لەسنوری تورکیاو بەشی گەورەی وولاتی کوردەکان دابەش کراو بچوك کرایەوە، گوندی تایبەت بۆ عەرەبەکان دروستکرا. ئەم پڕۆسەیە لەناوچەی جەزیرەدا، بووە هۆی ئەوەی خەڵك بڕوا بەکورد نەکاتو جێگای متمانە نەبن، دەسەڵاتداران هەمیشە ترسی ئەوەیان هەبوو کەڕۆژێك دێت کوردەکان ژمارەیان زیاترو زیاتر دەبێت لەو ناوچەیەداو داوای جیابونەوەو دەوڵەتی خۆیان دەکەن، هەروەها لەڕێگای تابوری پێنجەمەوە، پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە بەتایبەتی پەیوەندی نێوان



ئیسرائیل لەگەڵ کوردەکان پەیوەندییەکی دۆستانەیە لەرێگای یارمەتیدانی ئیسرائیلو یاخیبوونی کوردەکان لەعێراق بەسەرۆکایەتی بارزانی، دەتوانن بەردەوام بنو بەرەو ناوچەکانی سوریا بکشێن، لەشەستەکانی سەدەی بیستدا لەتورکیاش یەکەم نیشانەی نەتەوەیی بوونی کورد سەری هەڵدا کەئەمەش دەبوو کاریگەریی هەبێت لەسەر کوردەکان لەسوریا، بەڵام ئەمەوا دەرنەچوو، رەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەو بۆچونە واقیعی نەبووبێ یان دەسەڵات رێگر بووبێت. سروشتی دەوڵەتی سوریایان واپیشان ئەدا، وەك سروشتی هەموو دەوڵەتەکانیترە لەناوچەکەدا. کوردەکان نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی بژین بەهۆی چەوساندنەوەو سیاسەتی ئاگرو ئاسنەوە، کەمترین ئارامی سیاسی هەبوو، راپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین لەحەما، نمونەی بەرچاوی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بوو، هۆی سەرەکی ترسی دەسەڵاتو متمانە

نەبوونی بەکورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی پرسی کورد کە لەعێراق‌و تورکیادا بەرەو پێشەوە چوبوو، دەسەڵات ترسی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بنیاتبنێن‌و سەرەکیترین خاڵێش پاراستنی ئاسایشی سوریابوو لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، بەڵام ئەمە راست نەبوو تەنها گەورەکردنی مەسەلەکە بوو.

کوردەکان لەباکوری خۆرئاوای سوریا هەمیشە جیادەکرانەوەو بەچاوێکی کەمتر لەوانیتر سەیردەکران‌و بێبەش دەکران لەداهاتی ئابووری ئەو وڵاتە، جوتیارە کوردەکان تۆو پێداویستیەکانی زەوی‌وزاریان بەهەرزان دەستنەدەکەوت، بەپێچەوانەی جوتیارەکانیتر، پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب، گۆڕینی ناوی شوێنەوارە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی لەفەرمانگەکاندا، ئەو منداڵانەی ناویان کوردی بوایە هیچ جۆرەنوسراوێکیان بۆ جێبەجێ نەدەکردن،



بێبەش دەکران لەنیشتەجێ بوون‌و هیچ مافێکی هاووڵاتی بونیان پێ نەدەدرا، کوردەکان هەروەکو بێگانە تۆمارکرابوون‌و مافی ئەوەیان نەبوو کە بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، سەرباری ئەمانەش چاودێری پزیشکی بێ بەرامبەر ئەمانی نەدەگرتەوەو زمانی کوردی بەفەرمی دانی پێدا نەنرابوو، ئەرمینیەکان بەپێچەوانەی کوردەکانەوە، رێگەیان پێدرابوو خوێندنگای سەربەخۆیان هەبێت، رێگە نەدەدرا نوسراوو بڵاوکراوە کوردییەکان لەسوریا دەربچن‌و چاپ بکرێن، تەنها رێگە بەو چاپکراوانە دەدرا کە لەلوبنانەوە دەهاتن، هەرچەندە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەردەوام قەدەغەبوو، سەرەڕای ئەمەش کوردەکان بەم زمانە قەدەغەکراوە ئاخافتنیان دەکردو دەیانوسی.

هۆکارێکی نوێی پرسی کورد لەسوریا لەسەرەتای هەشتاکان بوو، دوای ئەوەی کودەتا سەربازییەکەی

تورکیا یارمەتی سەرکردایەتی (p.k.k)دا کە بەرەو سوریاو دەشتەکانی بیقاع بڕۆن[٥] لە لەلایەن سوریاوە کۆنترۆڵ کرابوون، (p.k.k) کوردی بەسەربازگەی مەشق پێکردن بۆ خەڵکانی خۆیانو سورییەکان، نوسینگەیان لەوێ هەبوو، سوریا ببووە بناغەو خاڵی دەستپێکی چالاکیو کارە سەربازیەکانی (p.k.k)، سەرەتا کوردەکانی سوریا هاوسۆزیان لەبەرامبەر (p.k.k)دا هەبوو، هەروەها زۆرینەی گەنجانی کورد ببونە جەنگاوەر لەڕیزی (p.k.k)دا، بەڵام دواتر کوردەکان لەسوریادا ئەو هاوسۆزییەیان نەماو ساردوسڕییان پێوە دیاربوو لەبەرامبەر (p.k.k)دا، زۆر بەئاشکرا (p.k.k) داوای یارمەتی ماددی دەکرد لەدانیشتوانانی کوردو ئەم کارەشی سەپاندبوو بەسەریاندا، پەیوەندی (p.k.k) لەگەڵ ڕژێمی سوریادا زۆرباش بوو، ئەمانیش راوبۆچونیان وەکو راوبۆچونی دەوڵەتی سوریا بوو کە دەیانووت کوردی سوریا بونی



نییەو ئەوانەش کە لێرەن کوردی پەناهەندەنو لەتورکیاوە هاتوون. ئەمە کارێکی باش بوو بۆ (p.k.k) کە دەیویست لەو بۆچونەوە سەرکردایەتی کوردەکانی سوریا بکات، بەڵام کوردەکانی سوریا ئەوەیان رەتدەکردەوە کە (p.k.k) سەرکردایەتییان بکاتو دەیانویست وەك کوردێکی سوریا بمێننەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە سوریا سیاسەتی بێزارکەری رەگەزپەرستانەی لە بەرامبەر کوردەکاندا پیادە دەکرد، (p.k.k) لەسەرێکەوە هۆکارێکی باش بوو بۆ ڕژێمی سوریا بە بەکارهێنانی بەشێکی کەمی ئەو کەمینەیە لە دژی تورکیا، لەلایەك حکومەتی سوریا یارمەتی رێکخراوی چەکداری کوردەکانی دەداو لەلایەکیترەوە هیچ یارمەتییەکی کوردەکانی سوریای نەدەدا، هەربۆیە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە کوردەکانی سوریا یان خەڵکە ئاساییەکانی نیگەران کردبوو، ئەم سیاسەتەی سوریا نەك هەر بەتەنها لەگەڵ (p.k.k) بەڵکو لە بەرامبەر

تاڵەبانیو (ی ن ك)یش هەر وابوو، لەسەر هەمان نیەت کە لەگەڵ (p.k.k)دا پەیڕەو دەکرا.

تورکیا لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەسنورێك بۆ (p.k.k) دابنێت، ئەوە بوو لەساڵی (١٩٨٨—١٩٨٩)دا لەسەر سنوورەکان پەرژینێکی دروستکرد بۆ ڕێگە گرتن لەچالاکیەکانی (p.k.k)، دروستکردنی ئەم پەرژینە کاری خۆی کردو ئیدی (p.k.k) نەیدەتوانی لەناو خاکی تورکیادا وەك جاران چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەمەشدا بوونی (p.k.k) لەسوریا هێشتا حکومەتی ئەنقەرەی نیگەرانو بێزار کردبوو.

لەساڵانی نەوەدەکاندا، هەردوو حکومەتەکانی سوریاو تورکیا گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیانە کە پشکی گەورەی ئەو ڕێکەوتننامەیە پەیوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبوو، تورکیا ئەیویست (p.k.k) لەبناغەوە هەڵبکەنێت لەسوریاو تێکیبشکێنێت، حکومەتی سوریاش ئەیویست بەشێکی



زیاتری ئاوی (فورات)ی هەبێتو خەڵکی ئەو ناوچەیە ناڕەزایی کێشەی کەمی ڕێژەی ئاویان هەبوو بەهۆی بوونی ئەو بەربەستانەی کە لەلایەن تورکیاوە دروست کرابوون بەشیکی کەمی ڕێژەی ئاو بۆ سوریا دەمایەوە.

تورکیا لەلێدوانەکانیدا هەمیشە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێرشی سەربازی لەدژی سوریا دەکرد، ئەگەر بێتوو سوریا پابەند نەبێت بە بەڵێنەکانییەوەو چیتر لەپشت چالاککردنو یارمەتیدانی (p.k.k)وە نەبێت.

لەبەهاری ساڵی (١٩٨٨)دا سەرۆك ئەسەدە هەموو سەربازگەکانی مەشق پێکردنی سەر بە(p.k.k)و نوسینگەی نوێنەری (p.k.k)ی لەسوریا داخست بەهۆی هەڕەشەی توکیا لەبەکارهێنانی سووپا لەدژی سوریا .. ئیتر داستانی گەڕانی ئۆجالان دەستی پێکرد لە وولاتانی ئەوروپاو جەنگاوەرەکانی (p.k.k) کە لەبەشی تورکیا بوون بەرەو ناوچەکانی سەرووی

عێراق رۆشتن یان لەتورکیا مانەوەو جەنگاوەرەکانی تری (p.k.k)ەش کە لەسوریا بوون رەنگە لەسوریا مابنەوە، رێکەوتنێکی نهێنیش هەبوو لەنێوان حکومەتی سوریاو (p.k.k) بەمەبەستی نەوروژاندنی کوردەکانی سوریاو خۆلادان لەپەرچەکرداری کوردەکانی سوریاو هێشتنەوەیان بەئارامی.

بەهۆی هاورێیەتی (ئەسەد)و (سەدام)ەوە حزبەکەی (بارزانی/ پ د ك) زەمینەی بۆ لەباربوو یارمەتی کوردەکانی سوریا بدات، ساڵی (٢٠٠٠) لەدوای هاتنە سەرکاری (بەشار ئەسەد)، بۆ ماوەیەکی کەم کوردەکان توانیان نیمچە ئازادیەکیان هەبێت، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە ئەم کاتە زۆر بەخێرایی تێپەڕ بوو، ئەمەش بەهۆی تێکچونی پەیوەندی نێوان سوریا لەگەڵ ئەمریکاو عێراقدا، هەروەها سیاسەتی ناوخۆی سوریا گرژی بەخۆیەوەبینیو توندتر بوو.



لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٤)دا لەباکووری رۆژهەڵاتی سوریا شەڕ لەگەڵ کوردەکان دەستی پێکردو ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان کوژراو لێیان گیرا، کوردەکانی سوریا بەهۆی یەکگرتنی دەسەڵاتە کوردیەکان لەعێراق، جۆرێك لەئازایەتیان پێوەدیاربوو، ماوەتەوە سەر رژێم لەدیمەشق کەپێویستە لەچاوەڕیدا بین کەچەندێك زیاتر سەربەستی کوردەکان فەراهەم دەکات.

ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە (لیبیا) دەژین نزیکەی بە(٦٠٠٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت کە لەسوریاوە یان لەشوێنیترەوە بەرەو لیبیا کۆچیانکردووە. ئەو کوردانەی سەرەتا بەرەو سوریاو پاشان لیبیا رۆشتوونو پێشتر لەناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا ژیاون (تور عبدین، ماردین)و زۆربەیان لەساڵانی ١٩٢٠و ١٩٣٠دا دوای شکستی شۆڕشەکە بەرەو لیبیا رۆشتوونو هەروەها لەساڵی ١٩٥٠ شدا بەمەبەستی گەڕان بەدوای هەلی کاردا بەشێکیتری ئەو کوردانە روویانکردە لیبیا،

هەموو ئەو کوردانەی دوای سەرژمێرییەکەی (حەسەکە) رەگەزنامە سوریەکەیان لەدەستداو، ساڵی ١٩٥٠ هەتا ساڵی ١٩٦٩ بەهۆی بوونی باری ئابوری زۆر باشی لیبیاوەو هەبوونی هەلی کاری زۆر، وای کرد جێگای سەرنج بێت بۆ ئەو کەسانەو بەرەو لیبیا بەڕێ بکەون، کوردەکان کارێکی دیاری کراوی جێگیریان نەبوو، هەربۆیە زۆربەیان بە چەند بوارێکی کارکردن ئاشنابوونو چانسی جێگیربوونیان لە یەك کاری دیاریکراو نەبوو. لەشەڕی ناوخۆی لوبناندا زۆربەی کوردەکان یارمەتیدەری پارتەکەی کەمال جونبلات پارتی سۆشیالیستیو کوڕەکەی وەلید بوون. بەهۆی ئەو شەڕەوە بەشێکی زۆری کوردەکان روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردو ئەمە لەلایەك، بەهۆی نەبونی رەگەزنامەوە لەلایەکیترەوە، هۆکارێکیتری کۆچی کوردەکان بوو بەرەوو ئەوروپا. گەورەترین کێشەی کوردەکان نەبوونی مافی هاووڵاتیبوونە، رەنگە گریمانی



ئەوە هەبێت کە نیوەی کوردەکان خاوەنی پاسپۆرتی لوبنانی بوون. بەشی زۆربەی کوردەکان نەیاندەتوانی ببنە خاوەنی پاسپۆرت لەلایەن رژێمەوە، ئەمەش بەهاوسەنگ نەبوونی دیموگرافی وەك بناغەیەك بۆ دارشتنی سیستمی سیاسی لەسەر ئەو هاوسەنگ نەبوونە.

# کوردەکان
## لەیەکێتی سۆڤیەت، ئەرمەنستانو ئازربایجان

### شێواندنی کەلتورو راگواستن

مێژووی کوردەکان لە ئەرمەنستانو ئازربایجانو جۆرجیا ناسراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم. لەسەردەمی نوێ دا بەهۆی کۆچی دانیشتوانەوە بەرێژەیەکی زۆر لەسەدەی نۆزدە هەمداو لەهاتنی قەیسەرو حوکمڕانی قەوقاسدا، بەشێکی زۆری کوردەکان کەوتنە ژێر حوکمڕانی رژێمی رووسیاوە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە هەمداو سەرەتای سەدەی بیستدا، پاشماوەی کوردی ئێزیدی سەردەمی



ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، یەزیدییەکان زیاتر لە ئەرمەنستانو جۆرجیاوە هاتبوون، زیاتر لەو ناوچانەدا دەژیان کە مەسیحییەکان تیایدا دەژیان، لەسەردەمی ستالییندا دیاردەی راگواستن هەبوو، ئەوکاتەی کە یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا، زۆر لەوگروپە کوردییانەش پەرتو بڵاو بوون، ئەم پرۆسەیە نەك هەر لەگەڵ نەتەوەی کورد پیادەکرا، بەڵکو هەندێ لەگروپەکانی تریشی گرتەوە.

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧ گۆڕانکاری بەسەر زۆرشتدا هاتو ئەو گۆڕانکاریانەش دوو ئەنجامی لێ وەدەست هات: یەکەمیان ئەو کوردانەی کە هەمیشە لەکۆچی بەردەوامدا بوون، شوێنو جێگای خۆیان بۆ دیاری کرا، دووەم لەساڵی ١٩٢٣تا ساڵی ١٩٢٩ لەسەردەمی (لینیین)دا خوێندنگای تایبەت بەزمانی کوردی کرایەوە، هەروەها رۆژنامەو بڵاوکراوە بەزمانی کوردی بڵاوکرایەوە.

لەناوەڕاستی ساڵانی سیەکاندا ئیدی کۆتایی بەپیادەکردنی سیاسەتی کلتورە هەمەجۆرەکان هات‌و لەو کاتەوە سیاسەتی مەرکەزیەت پیادەکراو هەموو بڕیارەکان لەئاستی سەرەوە دادەبەزینە خوارەوە، دووبارە کێشەی نێوان هاووڵاتییە روسەکان‌و کەمینەکان سەریهەڵدایەوە، ئەم دیاردەیە دژی کەمینەی کوردەکانیش بوو، بەهەزاران کورد سەرلەنوێ لەکازاخستان و قیرغیزستان و سیبیریا نیشتەجێ کرانەوەو بەرەو ئەوناوچانە راگوازرانەوە، بارزانی‌و ئەو کوردانەی لەگەڵیدا بوون، لەدوای رووخانی (کۆماری مەهاباد)[٦] بەرەو یەکێتی سۆڤیەت رۆشتن‌و پێشوازی گەرمیان لێ نەکرا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، بۆیە راستەوخۆ دابەش کران بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاواز لەکۆمارەکانی سۆڤیەتدا، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانە لەبەرامبەر کەمینەکان بەکاری نایاسایی‌و تاوان



پێناسەکراو ئاماژەیان بەچاککردنی ئەو بارودۆخە دەداو بەڵام هەتا ئەمڕۆش چاکسازییەکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە، ژمارەی کوردەکان لەیەکێتی سۆڤیەتی ئەوسادا نزیك دەبۆوە لەچەند سەدهەزار کەسێك، نیوەیان لە ئەرمەنستان‌و ئازربایجان دەژیان‌و نیوەکەی تریان لەجۆرجیاو ناوچەی باشووری روسیاو مۆسکۆ دەژیان .

لەدوای لەبەریەك هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت باری ژیانی کوردەکان باشترو ئاسانتر نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەناوچەکانی (ناگۆرنی کاراباخ )[٧] کەناوچەیەکە لەئازربایجان، ژمارەیەکی زۆر لەئەرمەنییەکان لەو ناوچانەدا دەژیان‌و کێشەو ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە کوردەکانیشی گرتبۆوە..

لەساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩دا لەشاری (سومگایت) پرۆسەی پاکتاوی نەژادی ئەنجام دراو رەشەکوژی ئەرمەنیەکان کرا، ئەوە پرۆسەی کوشتن‌و بڕین‌و تاڵانکردنی

زۆرینەی خەڵك بوو بۆ کەمینەکان، ئەنجامی ئەم کوشتوکوشتارو گرژیو ئاڵۆزییە ئازربایجانیەکانی بەرەو  ئەرمەنستانو ئەرمینیەکانی بەرەو ئازربایجان برد، لەگەڵ هەڵاتنی ئازربایجانیەکان لە ئەرمەنستانەوە، موسوڵمانە کوردەکانیش بەشێك بوون لەو گروپە دەربەدەرانە، لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی (ناگۆرنی کاراباخ) ئەو ناوچەیە کەوتەدەست ئەرمەنییەکانو جارێکیتر نزیکەی (١٨٠٠٠) کورد ئەو ناوچانەیان بەجێهێشت، کوردەکان بەهێز بوون لەناوچەی تورکی ئازەریداو پێیان وابوو چارەنووسیان گرێدراوە بەئازەرییەکانەوە، بەمەبەستی ئەوەی زیاتر بەهێزتربن، زیاتر هەستیان بەوە دەکرد کە ئەمان تەنها چەند گروپێکن لەنەتەوەیەكو هیچیتر، زۆربەی کوردەکان پێیان وابوو، لەحاڵەتی پەناهەندەییو ترسو دڵەڕاوکێدان، نەیندەزانی چۆن بژێوی ژیانو هەلی کار مسوگەر بکەن لەپەنای شەڕکردن لەگەڵ  ئەرمەنستانی



دراوسێدا، بنەمای ئابووریو کۆمەڵگا بەخێرایی لەگۆڕاندا بوو، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لەکلتورو شێوە زارەکەیان ئەوەندە مەبەست نەبوو، ئەم حاڵەتە گونجاو بوو بۆ رژێمو لەسودو قازانجی ئەودا بوو، بوونی مەڵبەندێکی روشنبیری کوردی بۆ کوردەکان، ئەو مەڵبەندەش نوێنەری کوردەکان بوو، هەروەها رۆژنامەیەکیان هەبوو بەناوی (دەنگی کوردەکان)، بەڵام ئەو مەڵبەندە بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو زۆر کاری نەبۆ زمانی کوردیو نەکلتوری کورد نەدەکرد، ئەمەش بۆ رژێم کارێکی باش بوو، هەر بۆیە ئەمان پێویستیان بەوە نەبوو کار بۆ ئەوە بکەن، کوردەکان نیگەران بوون لەکارەکانی ئەو مەڵبەندەو ئەیانویست لەپێناو بەرژەوەندی گەلی کورددا کاربکات، هەروەها کوردەکان پییان وابوو کە ئەو مەڵبەندە دەستەمۆی رژێمی دەسەڵاتدارە، رژێم وەها بیری دەکردەوە کە زۆر رێگەپێدانی ئەو مەڵبەندە لەپیادەکردنی مافە

رۆشنبیرییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بیر لەدەوڵەتێکی سەربەخۆ بکەنەوە، بۆیە ئەو مەڵبەندە سەربەست نەبوو، هۆکاری ئەو ترسو نائارامییەش ئەوە بوو کە ئازربایجانو تورکەکان هاوڕێو دۆستی یەکتر بوونو متمانەیان بەجوڵەو چالاکیەکانی کورد نەبوو، هەمیشە بەگومان بوون. لەراستیدا ئەیانویست کوردەکان لەئازربایجان هیچ شتێك نەکەن، ئازربایجان بۆ کوردەکان بەراستی نیشتمان بوو، بەڵام تێڕوانینیان بۆ دوارۆژێکی روون لەو وڵاتە، ئەوە پرسیارێکیتر بوو، ئەمەش هەر بەتەنها بۆ کەمینە کوردەکان وا نەبوو.

کوردەکان لەئازربایجان تاڕادەیەکی کەم سەربەستیان هەبوو، بۆ نمونە: ووتنەوەی زمانی کوردی لەخوێندنگای تایبەت بەخۆیاندا، ئەو مافە پێشتر لە ئەرمەنستانیش هەبوو، سیاسەتێکی باش بوو بۆ کەمینەکان، بەڵام رەوشەکە رووی لەخراپ بوون کرد، بۆ ماوەیەکی زۆر کوردەکان لە ئەرمەنستان



بەئارامی مانەوە، بێ گومان ئەمەش چاوەڕوان نەکراوبوو، چونکە پێشتر لەسەدەکانی نۆزدەو بیستدا کوردەکان ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنییان کوشت بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە، لەساڵی ١٩٢٠داو ساڵی ١٩٣٠دا هەریەکە لەڕێکخراوە ئەرمەنییەکانو کوردە نەتەوەییەکان پێکەوە لەدژی کۆماری تازە دامەزراوی تورکیا جەنگین، ئەمەش تێگەیشتنێکی باش بوو لەیەکتر.

کوردەکانیش هەروەکو بەشێکی زۆری ئەرمەنیەکان کێشەی گەورەیان هەبوو، زۆر نیگەران بوون لەکارە تیرۆرییەکانی (ستالین)، لەدوای ساڵی(١٩٥٥)ەوە کوردەکان دیسانەوە توانیان گەشە بەکلتورەکەی خۆیان بدەنو سەرلەنوێ ببنەوە خاوەنی رۆژنامەی خۆیان، بەڵام ئەو رۆژنامەیە بەپیتی (کیریلی)[٨] چاپ ئەکرا، بۆ ئەمڕۆ ئەو چاپە زۆر ناسراو نییە. لەساڵی شەستەکاندا رادیۆی (ئیریڤان) هەبوو، پەخشی ئەم رادیۆیە بەزمانی

کوردی بوو کە دەگەیشتە وولاتانی دەوروبەریش، هەر بۆیە کوردەکان هۆشیاری سیاسیو کلتوری خۆیان زیاتر گەشەپێدا. نزیکەی ٥٠٠٠٠- ٨٠٠٠٠ هەزار لە کوردەکانی ئەرمەنستان (ئێزیدین)و ئەو کوردانەش کەموسالمان بوون لە ئەرمەنستانەوە بەرەو ئازربایجان بەرێکەوتن، سەرەتا کوردی موسولمانو کوردی ئێزدی ئەوەیان دەزانی کە ئەمان سەربە هەمان کەمینەو کلتورن، بەلام زیاتر موسالمانە کوردەکان زیاتر هەستیان بەلای کلتوری ئازەرییەکاندا دەڕۆشتو پێیان وابوو کەئەمان لەکەمینەی ئازەری یەکانەوە نزیکن، هەرچی ئیزدییەکانیش بوو، پێیان وابوو ئەمان لەئەرمەنییە مەسیحیەکانەوە نزیکنو دەچنەوە سەر ئەوان، ئەو ئیزیدییانەی لەخواروی رۆژهەلاتی تورکیا دەژیان، دەبوایە لەو ناوچانەدا نەمانایەو ئێزدییەکانی ئەرمەنستان لەدژی دەولەتی تورکیا کاریان دەکردو هاوکاری (p.k.k) یاندەکرد، دواتر ئەرمەنییەکان



کاریان بۆ نەتەوایەتیبونی خۆیان دەکردو ئێزیدییەکانیش بەو ئاراستەیە کاریان دەکرد کە ئەمان سەر بەنەتەوەی کورد نین.

# پەڕاوێزەکان

(١) دکتۆر نورەدین زازا لەساڵی ١٩١٩ لەقەزای مادن کەدەکەوێتە نێوان دیاربەکرو عزیزیەوە لەخێزانێکی نیشتمانپەروەر هاتۆتە دنیاوە، لەڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥ دژی دەسەڵاتی تورکەکان هەریەکە لەباوکی نورەدین، زانای ئایینی (یوسف ئەفندی)و براگەورەکەی (دکتۆر نافیز) پشگیری و هاوکارییان لەو راپەڕینە کرد، لەگەڵ شکست هێنانی ئەو راپەڕینە هەریەکە لەباوکیو براگەورەکەی دەستگیرکران وخرانە زیندانەوە، پاش ئازاد کردنیان هەریەکە لەدکتۆر نافیزو برابچوکەکەی کەتەمەنی نەگەیشتبووە١١ ساڵ دیاربەکریان بەجێهێشتو روویانکردە (حەڵەب)، پاشان دەستەیەکی سیاسی پێکهێنا بەناوی (خۆیبون)ەوە، لەساڵی (١٩٤٦)دا بووە سەرۆکی ئەو دەستەیە، کاریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی میللەتی کوردو ئاڕاستەکردنی چالاکیەکان دەکرد، هەوڵیدا پەیوەندی بکات



بەشۆڕشی ئەیلولەوە، پاشان لەلایەن رژێمی عێراقەوە لەزیندانەکانی موسڵ و بەغدا زیندانیکرا، دوای ئازادکردنی بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ رووی کردە لوبنان هەر لەوێ بڕوانامەی بەدەستهێنا، پاشان بۆ تەواکردنی خوێندنی باڵا رووی کردە سویسرا، هەر لەوێشەوە، لەسالی ١٩٤٩دا لەگەڵ هاوڕێکانیدا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند کە دکتۆر زازا سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بوو، گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (دەنگی کوردستان)، ساڵی ١٩٥٦ لەبواری پەروەردەییدا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا، دووبارە گەڕایەوە سوریا، ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێکانیدا (پارتی دیموکراتی کورد)یان دامەزراندو کرا بەسەرۆکی ئەوپارتە، دۆستو لایەنگرێکی زۆریان لێ کۆبۆوەو هەژموونی ئەم پارتە جێگای تێڕامان بوو، هەربۆیە لەساڵی ١٩٦٠دا دەسەڵاتی یەکگرتووی (یەکێتی سوریاو میسر ١٩٥٨- ١٩٦١) خۆی و هاوڕێکانیان دەستگیرکرد، دوای ئازادکردنی رووی کردە لوبنان و لەوێش دیسانەوە بۆ ماوەیەك دەستگیرکرایەوە، پاش گەڕانەوەی بۆ سوریا

لەسەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسدا دووبارە تووشی گرتن بۆوە، دواتر دووریانخستەوە بۆ سوید، دکتۆر نورالدین زازا بێجگە لەوەی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، نووسەرو و رۆشنبیرێکی گەورەبوو، بەسەدان نوسینی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە وەك (هەوارو روناهی)و سەرلەنوێ (مەمی ئالانی) بەپیتی لاتینی لەچاپ داوەتەوەو (شوانی کورد)ی (عەرەب شەممۆ)ی لەفەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، ژیانی دکتۆر نورالدین زازا پڕ بووە لەچەوساندنەوەو زیندانیکردنو راوونانو ئەشکەنجەو دوورخستنەوە لەلایەن نەیارانی کوردەوە، دوا ساتەکانی تەمەنی لەسویسرا دەباتە سەرو لەساڵی ١٩٨٨دا بەنەخۆشی کۆچی دوایی دەکاتو لەوێ دەنێژرێت. (لەسایتی دەنگی کوردستان -وەرگێڕ) .

(٢) لەم دواییەدا رژێمی سوریا بەشێوەیەکی بەرچاو پێشێلکاری مافی مرۆڤ بەرامبەر کوردەکان دەکات، رووداوەکانی ئەم دواییە، سەلمێنەری سیاسەتی شۆڤێنییانەی ئەو رژێمەن. وەرگێڕ



(٣) جەزیرە: ئەم ناوچەیە درێژبۆتەوە لەباکووری رۆژهەڵاتی سوریاو باکووری رۆژئاوای عێراقو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، بریتیە لەبەشی باکووری میسۆپۆتامیا کە لەرۆژهەڵاتەوە چیاکانی زاگرۆسو لەباکوورەوەچیاکانی تۆرۆسو لەباشورەوە بادیەی شامو تەپۆڵکەکانی سەرسارو حەبانیە دەوریانداوە، پارێزگای نەینەوا لەعێراقو حەسەکەو هەردوو پارێزگای دیرئەلزور ئەلرقە لەسوریاو پارێزگاکانی ئورفەو ماردینو دیاربەکر لەتورکیا دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەو ناوچانەی دەکەوێتە حەسەکەو نەینەوا دەوترێت جەزیرە. (وەرگێر_ لەسایتی ویکیبیدیاوە).

(٤) دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەهەزاران پەناهەندەی مەسیحی لەتورکیاوە روویانکردە جەزیرەی سوریاو، لەساڵی ١٩٣٣ دا نزیکەی (٧٠٠٠) ئاشوری مەسیحیو (١٧٠٠٠) کلدانی کاسۆلیکی بۆ رزگاربوونیان لەچەوساندنەوەی لەسەرووی عێراق رویان کردەئەو ناوچەیە. (وەرگێر)- سایتی ویکیبیدای جەزیرە..

(٥) دەشتەکانی بیقاع: ناوچەیەکی فراوانی نێوان چیاکانی رۆژهەڵاتو روژئاوای لوبنانە، زەوییەکی بەپیتو بەرەکەتی هەیەو گەورەترین دوو رووباری لوبنان پێیدا تێپەڕ دەبێت کە بریتین لە: هەردوو رووباری لیتانیو عاسی.(وەرگێڕ).

(٦) روخانی (کۆماری مەهاباد) لەدوای ووتووێژی زۆر کۆماری مهابادو تاران نەگەیشتنە خاڵی هاوبەشو گرفتەکان چارەسەر نەکران، تاران بەڵێنی یارمەتی دان بۆ روخاندنی کۆماری مەهاباد لەلایەن چەند سەرۆك عەشیرەتێکەوە وەردەگرێت، تەنانەت لەوانەش کە لەگەڵ (قازی محەمەد)دا سەفەری (باکۆ)یان کردبوو، تاران سەرەتا هێرش دەکاتە سەر تەورێز بۆ رووخاندنی کۆماری ئازربایجانو پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان، هەرچەندە کۆماری مهاباد خواستی میللەتی کورد بوو، بەڵام بەپاڵپشتی سۆڤیەت هەریەکە لەکۆماری مهابادو ئازربایجان دامەزرێنران، سۆڤیەت لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا ئەو پاڵپشتیەی کردو لەگەڵ نەمانی



ئەوپاڵپشتییە، تارانیش هەردوو ئەو کۆمارەی لەناوبردو هەریەکە لەسەرۆکی ئەوکۆمارە ( قازی محەمەد)و ئامۆزاکەی (حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی)و براکەی (ئەبوقاسم سەیفی قازی) لەچوارچرای شاری مهاباد لەسێدارەدران، لەکاتی لەسێدارەدانیدا قازی محەمەد رێگەنادات چاوی ببەستنەوە بۆ ئەوەی بەچاوکراوەییو سەربەرزی لەنیشتمانە خۆشەویستەکەی بڕوانێت.هەروەها دەڵێت: (ئێوەقازی محەمەدێك دەکوژن، بەڵام ئەوە بزانن لەهەر تنۆکە خوێنێکی من، قازی محەمەدێکیتر شین دەبێتەوەو داوا لەگەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناورزگاری کوردستاندا پەك نەخاتو باوەڕ بەدەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن، بژی کوردوکورستان) وەرگێڕ .

(٧) جەنگی نارگۆنی کاراباخ: کێشەی نێوان ئەرمەنستانو ئازربایجان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٣، ئەوکاتەی حکومەتی روسیا بەشێوەیەکی فەرمی ناوچەی ناگۆرنی کاراباخی دایە ئازربایجان، بەڵام لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتو سەربەخۆیی کۆماری

ئازربایجان، لەنێوان ئەرمەنستان وئازربایجان جەنگ هەڵگیرساو هەریەکەو دەیانویست ئەوناوچەیە بخاتەژێر رکێفی خۆیەوە، هەرچی ئەرمەنستان بوو بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە ئەوناوچەیە ئەو خاوەنێتیو زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین، ئەم ناکۆکییەش بووە هۆی کۆچکردنی سەدان هەزار ئەرمەنی لەئازربایجانەوە بۆ ئەرمەنستانو بەپێچەوانەوە، لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا هاووڵاتیانی ئەوناوچەیە داوای ئەوەیان کرد کە بگەڕێنەوە سەر ئەرمەنستان، دواتر لەساڵی ١٩٩٢دا شەڕ هەڵگیرسایەوەو تا لەساڵی ١٩٩٣دا هێزەکانی ئەرمەنستان توانیان ئەو ناوچانە بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە کەنزیکەی (٩٪)ی زەوییەکانی ئازربایجانە، لەئەنجامی ئەم جەنگەوە ژمارەی ئاوارەبوەکانیش گەیشتە ٢٣٠٠٠ هەزار ئازەری و ٨٠٠٠٠ هەزار ئەرمەنی، تالە ئایاری ساڵی ١٩٩٤دا رێکەوتننامە لەنێوان هەردوولادا واژووکرا. وەرگێر .

(٨) ئەلفەو بێی (کیریلی) : یان سیریلی، ئەم شێوازی نوسینە لەزۆر ووڵاتانی سلاڤی رۆژهەڵاتو خوارو



بەکاردەهات وەك (ڕوسیای سپیو بولغاریاو کۆماری مەکدۆنیاو یەکێتی سۆڤیەتو سربیاو ئۆکرانیا) هەروەها لەرابردوودا لە قەوقازاو سیبیریا بەکاردەهات، لەدوای بوون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپا لەکانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧دا، لەدوای (لاتینیو یۆنانی) ئەلفوبێی (سیریلی) بووە سێیەم ئەلفوبێی فەرمی لەیەکێتی ئەوروپا .

*لەبڵاوكراوەكانی*

*ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران ساڵی*

(٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئاین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیرورا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست رینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقین .. حکایات اعوام الرماد | یوسف یوسف | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان کوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەوبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٨ | ئاين‌و سياسەت<br>ژ. ز. هۆشياری (٢٨) | ن. نينيان سمارت<br>و. ياسين عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجينۆسايدناسينی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشياری ، ژ(٢٩) | خەليل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جيۆپۆلەتيكی كوردستان<br>ژ. ز. هۆشياری (٣٠) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ديموكراسی‌و بنەماكانی گەشەپێدانی سياسی | د. حەميد حسين كازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شيعەو سوننە<br>كورتەباسێكی مێژوويی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف كەريم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سياسی ئەريستۆتێليس | ئەمير حسێن رەحيم | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٦ | جيهانگيری‌و كاريگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سياسی، چەمك‌و گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسياليست ئينتەرناسيۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دەنگدان، ز. هۆشياری، ژ(٣٢) | نياز سەعيد عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی‌و نەورۆزی سەربەخۆيی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. عوسمان حەمە رەشيد گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري<br>ز. هؤشياری، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانییەت چییە؟ ماناو پێناسەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەرویش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسەندكریی سێیەمین كۆنگری (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێكخستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢١ | ئالا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگەری قەرزە گشتیەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووری ئەمریكا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – كوردی) | ئامادەكردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | تأثيرات قانون الدولي العام لحقوق الانسان في الدستور العراقي | عثمان رحمن محمد | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |